# ئاڕاستەی قوتابیانی پۆلی یازدەمی زانستی بۆ بابەتی بیرکاری/ ناوەندی پارێزگای هەولێر

**ID No. 564**

(PP 16 - 26)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.5.2

**أبوبكر قادر مصطفى**

مامۆستای ڕاهێنەر لە بەڕێوەبەرایەتی مەشق و ڕاهێنان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر

mabubakir72@gmail.com

**رهبر مسعود عبدالخالق**

مامۆستای ڕاهێنەر لە بەڕێوەبەرایەتی مەشق و ڕاهێنان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر

Rahbarmasud8@gmail.com

**وەگـــــرتن: 2022/09/06**

**پەسندکردن: 2023/01/16**

**بڵاوکردنەوە: 2023/10/15**

**پوختە**

توێژەر توێژینەوەیەکی ئەنجامدا بە ئامانجی زانینی ئاڕاستەی قوتابیانی پۆلی یازدەمی زانستی بۆ ماددەی بیرکاری/ لە قوتابخانە حکومییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی پارێزگای هەولێر بۆ وەرزی دووەمی ساڵی خوێندنی 2021-2022، هەروەها ئامانج لەم توێژینەوەیە تیشک خستنە سەر جیاوازی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بوو سەبارەت بە ئاڕاستەیان بۆ ماددەی بیرکاری. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەموو قوتابیانی پۆلی یازدەمی زانستی بوو لە ناوەندی پارێزگای هەولێر، تیایدا میتۆدی وەسفی بەکارهێنرا. ئەم توێژینەوە جێبەجێکرا بەسەر سامپڵێك کە ژمارەیان (101) قوتابی پۆلی یازدەمی زانستی بوو لە هەردوو ڕەگەز کە (56)یان نێر بوون و (45)یان مێ بوون. دوای شیکردنەوەی داتاکان، شیکەرەوە ئامارییەکان ئەم ئەنجامانەیان دەرخست:

1. ئاڕاستەی قوتابیانی پۆلی یازدەمی زانستی بۆ ماددەی بیرکاری ئەرێنییە و بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستی باشدایە.
2. جیاوازی هەیە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە قوتابیانی پۆلی یازدەمی زانستی سەبارەت بە ئاڕاستەیان بۆ ماددەی بیرکاری لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ.

**وشە کلیلەکان :** ئاڕاستە ، بیرکاری ، پۆلی یازدەمی زانستی.

## 1. پێشەکی

### 1.1 گرینگی توێژینەوەکە:

لە دوو دەیەی ڕابردوو لە پرۆسەی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا بە تایبەتی و لە عێراق بە گشتی هەوڵی دڵسۆزانە دراون و کاری باش کراون بۆ ئەوەی بتوانرێ پەروەردە ئامانجی خۆی بپێکێ، کە بریتییە لە ئامادەکردنی هاوڵاتییەکی خاوەن زانیاری و خاوەن کارامەیی و لێهاتوویی و بەرهەمهێن و متمانە بەخۆبوو و لێبوردە و پابەند بە پرنسیپەکانی دیموکراسی و دادپەروەری، هەروەها هەوڵدراوە تاکێك ئامادە بکرێت شانازی بە نیشتیمان و کولتور و فەرهەنگەکەیەوە بکات. بۆ ئەم مەبەستەش چەندان کۆنفرانس و کۆنگرە بەستراون، گرینگیەکی زۆریش دراوە بە پێشخستن و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن کە خۆی لە ئامانج و کتێبەکانی خوێندن و مامۆستا و ڕێگاکانی وانەوتنەوە دەبینێتەوە.

یەکێك لە کارە گرینگەکان ئەوەیە کە بۆچوون و ئاڕاستەی قوتابیان بۆ بابەت و وانەکانی قوتابخانە پەرەی پێ بدرێت و بەرەو ئەرێنی زیاتر ببردرێت بە تایبەتی وانەی بیرکاری کە یەکێکە لە بابەتە سەرەکیەکانی قۆناغەکانی خوێندن و گرینگییەکی زۆریشی لە ژیانی تاکدا هەیە، چونکە دەبێتە هۆی زیادکردنی کارامەییە عەقڵییەکان و ئاستی زیرەکی تاك بەرز دەکاتەوە و توانای بیرکردنەوەی دروست زیاد دەکات و وای لێدەکات لێکدانەوە و شیکردنەوەی لۆجیکی بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە بەکاربێنێ کە لەژیانیدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

گرینگی دان بە بابەتی بیرکاری و کارکردن لەسەر شارەزابوون لە بۆچوون و ئاڕاستەی قوتابیان بۆ وانەی بیرکاری و پاشان کارکردن لەسەر زیادکردنی بۆچوون و ئاڕاستە ئەرێنییەکان پێویستییەکی هەربوونیە و یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە کاریگەری لەسەر فێربوونی زیاتر و باشتری بابەتە بیرکاریەکان دەبێت .

زۆرینەی توێژەران و پەروەردەکاران هۆکاری سەرنەکەوتنی قوتابیان لە ماددەی بیرکاری بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە ئاڕاستەی نەرێنیان هەیە بۆ ماددەکە وەکو ڕقلێبوونەوە لێی و نزمی ئاستی دەستکەوت و لاوازی لە گرنگی پێدان، لەوانە توێژینەوەی (حسين، 2001، 1999، Gregg ، 1999، Gilson، 1997، Telese، 1997،Chen، الكيلاني والشواء، 2008) هەروەها توێژینەوەی (أبو عقيل وعايش، 2015) گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ئاڕاستەی قوتابیان بۆ ماددەی بیرکاری مامناوەندە. هەروەها توێژینەوەی (المالكي، 1422ك) یەکێ لە ڕاسپاردەکانی ئەوەیە کە پێویستە توێژینەوە بکرێ لەسەر ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی نەرێنی ئاڕاستەی قوتابیان بۆ ماددەی بیرکاری .

ئێمە لەم توێژینەوەیە پۆلی یازدەمی زاستیمان وەرگرتووە بۆ ئەوەی بزانین تاچەند قوتابیان ئاڕاستەیان بەرانبەر بە بابەتی بیرکاری ئەرێنییە یان نەرێنییە، دواتریش پێویستە کار لەسەر ئەوە بکەین بۆ ئەوەی قوتابیان زیاتر ئەو بابەتەیان خۆش بوێت لە ڕێگەی خستنەڕووی گرینگییەکەی و چێژبەخشین بە شێواز و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و ڕەخساندنی کەشێکی لەبار و گونجاو تا قوتابیانمان ئاستیان بەرزتر بێتەوە.

پۆلی یازدەمی زانستی زۆر هەستیارە چونکە پۆلێکە پێش کۆتایی پۆلەکانی قۆناغی ئامادەییە. ئەم کارە پاڵپشتیشە بۆ بواری پەروەردە کە توێژینەوەیەکی وەسفی بۆ ئاڕاستە و بۆچوونی قوتابی زیاد دەبێت بۆ ماددەی بیرکاری.

### 1.2 کێشەی توێژینەوەکە:

لە میانەی کاری توێژەر لە بواری پەروەردەدا و بە پێی چەند توێژینەوەیەك وەکو (کرش: 1998) و (الاسطل: 2010) ئاماژەیان پێ کردووە، یەکێک لەو کێشانەی تێبینی دەکرێ ئاستی لاوازی ڕێژەیەکی بەرچاوی قوتابیانە سەبارەت بە توانایان لە بەدەستهێنانی چەمکە بیرکارییەکان و بەگەڕخستنی بۆ بونیاتنانی مەعریفەی بیرکاری، بەشێکی دەگێڕدرێتەوە بۆ بوونی بۆچوونی نەرێنی بۆ وانەی بیرکاری کە تا ڕادەیەك بۆتە کێشە و بۆتە هۆی ئەوەی لێکەوتی خراپ بەدوای خۆیدا بهێنێت وەکو دروستبوونی ئاڕاستەی نەرێنی لەلایەن قوتابییان بۆ پرۆسەی فێربوون بە گشتی و دواتریش وازهێنان لە قوتابخانە. ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕادەی بۆچوونی ئەرێنی و نەرێنی قوتابیانی پۆلی یازدەی زانستی لە ناوەندی شاری هەولێر سەبارەت بە وانەکە .

### 1.3 گریمانەکانی توێژینەوە

1. ئاڕاستەی قوتابیانی یازدەمی زانستی بۆ ماددەی بیرکاری نەرێنییە .
2. بوونی جیاوازی لە نێوان قوتابیانی کوڕ و کچ لە پۆلی یازدەمی زانستی سەبارەت بە ئاڕاستەیان بۆ ماددەی بیرکاری لەبەرژەوەندی قوتابیانی کچ.

### 1.4 ئامانجەکانی توێژینەوەکە

1. زانيني ئاڕاستەی قوتابیانی پۆلی یازدەمی زانستی(ناوەندی شاری هەولێر) بۆ بابەتی بیرکاری.
2. زانینی جیاوازی لە نێوان کچان و کوڕان سەبارەت بە ئاڕاستەیان بۆ بابەتی بیرکاری.

### 1.5 سنوورەکانی توێژینەوەکە

1. بواری مرۆیی: قوتابیانی قۆناغی یازدەی زانستی
2. بواری کات: ماوەی 2022/2/1 تاکو 2022/5/31
3. بواری شوێن: ئامادەییەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر

### 1.6 دیاریکردنی زاراوەکان

**ئاڕاستە**: ئاڕاستە بریتییە لە ئامادەگی یان بوونی مەیل بۆ وەڵامدانەوە بە شێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی بۆ شتێکی دیاریکراو و گوزارشتیش دەکات لە دەرەنجامی وەڵامگۆکانی تاك بۆ بابەتێکی دیالێکتیکی کە سروشتێکی کۆمەڵایەتی هەبێت ئەوەش لەڕووی لایەنگیری تاك بۆ ئەم بابەتە یا دژایەتیکردنی. بە کورتی ئاڕاستە بریتییە لە مەیلی تاکێك کە تاڕاددەیەك جێگیرە بۆ مژارێك.

**بیرکاری**: زانستێکە لقە سەرەکییەکانی پێك دێت لە ژمارەکان و هێماکان و کردارە بنەڕەتییەکان و جەبر و ئەندازە و زانستی سێگۆشەکان و ئامارکاری. (چوارچێوەی گشتی پرۆگرامەکانی خوێندنی عێراق، 2012: لا 36).

**قوتابیانی قۆناغی یازدەمی زانستی:** پۆلی 11 ی زانستی ئەو قوتابیانەن کە تەمەنیان لە نێوان 16 تا 18 ساڵە و لە ساڵی یازدەهەمی خوێندن لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان / عێراق. (سیستمی خوێندنگە ئامادەییەکان، 2009: لا 10).

## 2 . باکگراوندی تیۆری توێژینەوەکە

زانینی ئاراستەی قوتابیان دەربارەی پرۆگرام و بابەتەکانی خوێندن و سیستمی فێربوون و فێرکردن و پەروەردە و قوتابیان و هاوڕێکانیان و مامۆستایان و کارگێڕی قوتابخانە سوودێکی زۆری لە بواری پەروەردەدا هەیە چونکە ئاڕاستەکان هەڵوێست دروستدەکەن، ئەگەر ئاڕاستەی قوتابی بەرانبەر بە شتێك ئەرێنی بێت ئەوا هەڵوێستیشی ئەرێنی دەبێت بەڵام ئەگەر ئاڕاستەکەی نەرێنی بێت ئەوا هەڵوێستی نەرێنی دەبێـت بۆ نموونە کاتێك سەبارەت بە بابەتێك لە قوتابیەك بپرسیت پێت دەڵێت: خۆشم دەوێت یان نا، ئینجا ئەگەر خۆشی بوێت ئاڕاستە و هەڵوێستێکی ئەرێنی هەیە بۆ بابەتەکە و بە پێچەوانەوەشەوە ڕاستە.

### 2.1 چەمکی ئاڕاستە (بۆچوون) attitude

ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار لە لایەن زانای کۆمەڵناسی سبنسەر(Spinser)ەوە بەکار هاتووە لە کتێبەکەی بە ناوی بنەما سەرەتایەکان. زەهران پێناسەی ئاڕاستە دەکات بەوەی ئاڕاستە پێکهاتەیەکی گریمانەییە یان گۆڕاوێکی تەواوە یان مامناوەندە دەکەوێتە نێوان وروژێنەر و وەڵامگۆ، بریتییە لە ئامادەگییەکی دەروونی یان خۆگورجکردنەوەیەکی دەماری پەیوەستە بە وەڵامگۆیەکی ئەرێنی و نەرێنی بەرانبەر بە کەسانێك یان شتگەلێك یان بابەتگەلێك یان هەلوێستگەلێك یان هێماگەلێك لەو ژینگەیەی کە وەڵامگۆ دەوروژێنێ. (زهران، 2003: لا136)

فەتلاوی وا پێناسەی دەکات کە بریتییە لە ڕەچەگەلێك، تاك شیاو دەکات جۆرە ڕەفتارێکی دیاریکراو بنوێنێ چ بە ئەرێنی بێ یا نەرێنی یان نواندنی هەڵوێستی بێلایەن بەرانبەر پرسە گشتییەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی لە بیروڕا یا ڕەوشگەلێك یان ڕووداوگەلێك یان کەسەکان. (فتلاوي، 2006: لا236).

شەحاتە دەڵێت : ئاڕاستە بریتییە لە ئامادەگییەکی وەرگیراو و تا ڕاددەیەك جێگیر، کە وەڵامی تاکەکان دیاردەکات بەرانبەر بنەما و بیروباوەڕەکان. (شحاتە، 2004: لا171).

لە گرنگترین پێناسەکانیش پێناسەی ڕۆکیتشە کە ئەو پێی وایە ئاڕاستە بریتییە لە ڕێکخستنێکی وەرگیراو و سیفەتی جێگیری و بەردەوامی ڕێژەیی هەیە بۆ ئەو بیروباوەڕانەی کە تاك بڕوای پێیان هەیە بەرامبەر بە بابەتێك یا هەڵوێستێك و ئامادەی دەکات بۆ ئەوەی جۆرە وەڵامدانەوەکی هەبێت کە لای ئەو ئەو وەڵامدانەوەیە باشترینیانە. (السبيعي، 2009: لا100).

لە میانەی توێژینەوە و پێناسە باوەکانی ئاڕاستەکان توێژەر پێیوایە کە ئاڕاستە بریتییە لە ئامادەگی یان بوونی مەیل بۆ وەڵامدانەوە بە شێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی بۆ شتێکی دیاریکراو و گوزارشتیش دەکات لە دەرەنجامی وەڵامگۆکانی تاك بۆ بابەتێکی دیالێکتیکی کە سروشتێکی کۆمەلایەتی هەبێـت ئەوەش لەڕووی لایەنگیری تاك بۆ ئەم بابەتە یا دژایەتیکردنی. بە کورتی ئاڕاستە بریتییە لە مەیلی تاکێك کە تاڕاددەیەك جێگیرە بۆ مژارێك.

### 2.2 تایبەتمەندی ئاڕاستەکان (بۆچوونەکان)

هەروەکو چۆن چەمکەکانی بەها و ئارەزوو و چەندان چەمکی تر هەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە بە هەمان شێوەش ئاڕاستەکان چەند تایبەتدمەندییەکیان هەیە لەوانە:

1. ئاڕاستەکان وەرگیراو و فێرکراون، خۆڕسك و بۆماوەیی نین و پەیوەندییان بە وروژاندن و هەڵوێستە کۆمەلایەتییەکانەوە هەیە.
2. هەمیشە خود بەسەریاندا زاڵە نەك بابەتی بوون و پەیوەندی نێوان تاك و بابەتێك لە بابەتەکانی ژینگەکەی دەگرێتەخۆ.
3. تا ڕاددەیەك نەگۆڕن بەڵام بە شێوەیەکی گشتی قەبوڵی گۆڕین و ڕاستکردنەوە دەکەن.
4. ئاڕاستەکان دەبن بە دوو جۆری ئەرێنی و نەرێنی و کاریگەریی بەسەر تاکدا جێدێڵن.
5. ئاڕاستەکان جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە لە ڕووی بە هێزی و بێ هێزی لەوانەیە دوو کەس هەمان ئاڕاستەیان هەبێت بەڵام بە ئاستی جیاواز. (سدیق، 2015: لا 60-61)

### 2.3 ئەو فاکتەرانەی کار لە ئاڕاستەکان (بۆچوونەکان) دەکەن

1. ئاڕاستەکان پەیوەستن بە پێداویستییەکانی تاك و چۆنیەتی تێگەیشتن لە خودی خۆی و بونیاتنانی کەسایەتی، ئەمەش ڕۆژ دوای ڕۆژ گەشە دەکات تا وایلێدێت دەبێتە پێکهاتەیەکی کەسایەتییەکە، جا لەبەر ئەو جێگیربوونە ڕێژەییەی هەیەتی، گۆڕین و ڕاستکردنەوەی

کاریگەری قورسە و پێویستی بە هەوڵێکی زۆر و کاتێکی درێژ هەیە، زۆر فاکتەریش هەن کاریگەریان لەسەر ئاڕاستەکان و گۆڕینیان هەیە لەوانە:

- ئەو کەسەی کە پەیام ئاڕاستەی بەرانبەر دەکات چەند ئەزموونی زیاتر بێت ئەوەندە زیاتر دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئاڕاستەی بەرامبەرەکەی هەبێت.
- ڕادەی گرژی ئەو پەیامەی دەنێردرێت بۆ تاك پێویستە لە ئاستێکدا بێت یارمەتی بدات بۆ ئەوەی ڕەفتارێکی دیاریکراوی ڕاست بکاتەوە یان بیگۆڕێت، بەڵام ئەگەر زیادەڕەوی لە پەیامەکەدا بێت لەوانەیە کاریگەرییەکەی پێچەوانە بێتەوە لە جیاتی ئەوەی تاکەکە ڕەفتارەکەی بگۆڕێت وای لێ دەکات زیاتر لەسەر ڕەفتاری پێشووی سوور بێت.
- ئاڕاستەکردنی تاکەکان بە پێی ژینگە دەگۆڕێت، واتە دەوەستێتە سەر ئەزموون و ڕاددەی ئەو زانیارییانەی لایانە سەبارەت بە بابەتی پەیامە نێردراوەکە و ڕێگەی گونجاو بۆ دواندنیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە بەیەکیان دەبەستێتەوە و پلەکانی ئەو کارتێکردنانەی لە نێوانیاندایە وەکو تاك یا کۆمەڵی بچوك بچوك.

2. لەوانەیە تاك هەندێ لە ئاڕاستەکانی بگۆڕێ لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە ئەوەی دەوێت، نەك لەبەر ئەوەی خۆی قەناعەتی پێی هەیە و لێی ڕازییە.
3. ڕادەی ئەو هاوسەنگییەی کە تاك دەتوانێت بەدیبهێنێت بۆ خودی خۆی، کاتێك تاك ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی ئاڕاستەکەی ئەوی هەیە هەوڵ دەدات خۆی لەو ململانێیە رزگار بکات و هەماهەنگییەکی زەینی و هاوسەنگییەك دروست بکات بۆ ئەوەی خۆی بگونجێنێ .(علي عسكر ومحمد الانصاري، 2004: لا 85).

به شێوەیەکی گشتی پێویستە هەوڵ بدەین بەچەند شێوازێك ئاڕاستە بگۆڕین، بۆ ئەمەش پێویستمان بە پاداشت و هاندەر دەبێت.

### 2.4 جیاوازی نێوان ئاڕاستەکان و بەهاکان

جیاوازی نێوان بەها و ئاڕاستەکان ئەوەیە بەهاکان کۆمەڵێ پێوەر و چەمك و باوەڕن مرۆڤ دەیانکاتە پێوەرێك یا بنچینەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی قسە و کار و کردەوەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی، بەهاکانیش زیاتر جێگیرترن لە ئاڕاستەکان و گۆڕانیان قورسترە و گرنگتریشن بۆ ژیان، هەروەها بەهاکان بابەتێکی کۆمەڵایەتین و ئاماژە بە کلتوری بنەڕەتی کۆمەڵگە دەدەن، هەروەها دەکرێت لە ڕێگای سەرنجدانەوە بپێورێت چونکە خاوەن سروشتێکی دیارن و شاراوە نین و بە بەردەوامی ئەرێنین و سێ ڕەهەندییان هەیە مەعریفی و ویژدانی و دەروون جوڵەیی، کەچی زۆربەی ئاڕاستەکان خاوەن ڕەهەندی مەعریفی و ویژدانی و ڕەچەی کرداری خۆیانن. (الخوالدة، 2011: لا 221).

### 2.5 گرنگی بابەتی بیرکاری

بیرکاری پێویستییەکی ڕۆژانە و داخوازییەکی ژیانی خەڵکە و هەر لە سەرەتای دروستبوونی شارستانییەتیەکانی وەکو میسرییەکان و بابلییەکان ورۆمانەکان گرینگی پێدراوە، تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو زیاتر ئامڕازی دەستی فیزیاناسەکان بوو بەڵام دواتر چووە ناو هەموو بوارەکانی ترەوە.

بابەتی بیرکاری قوتابیان دەکاتە خاوەنی ئامڕازە بەهێزەکانی وەسفکردن و شیکردنەوە و گۆڕینەکان کە ڕوودەدەن لە جیهان، هەروەها توانای بیرکردنەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بە ڕێگای ڕەهایی زیاد دەکات و بیرکردنەوەی لۆجیکی و چارەسەری کێشەکان و هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان بە فێرخواز دەبەخشێ .

بیرکردنەوەی بیرکاریانە گرینگە بۆ تاکەکانی کۆمەڵی نوێ وەك ڕاهاتن لەسەر بیرکردنەوە و بەکارهێنان لە شوێنی کارکردن بۆ بەشداریکردن لە ئابوری زانیاری و تێگەیشتنی زانستەکان و ئەندازە و تەکنۆلۆجیا و کارە بازرگانی و داراییەکان هەروەها بۆ هەردوو کرداری بڕیاردانی کەسی و گشتی.

بیرکاری چوارچێوەی داهێنانە، چونکە دەتوانێ بە چەند چرکەیەك هەموو فێرخوازان بوروژێنێ و کامەران و پڕ گوڕوتین بن لە کاتی  شیکردنەوەی پرسیارێك بۆ یەکەمجار یان دۆزینەوەی ڕێگایەکی ئاسانتر بۆ شیکردنەوەی پرسیار یان تێبینیکردنی پەیوەندییە نادیارەکان . (چوارچێوەی گشتی پرۆگرامەکانی خوێندنی عێراق، 2012: لا 36).

### 2.6 تێڕاییەکانی بیرکردنەوە و فێربوون

هەر بابەتێك لەو بابەتانەی لە قوتابخانە دەخوێنرێن چەند تێڕاییەکی تایبەت بەخۆیان هەیە سەبارەت بە بیرکردنەوە و فێربوون لەو بابەتە. ئەوەی کە پێویستە قوتابی بەدەستی بێنێ لە تێڕاییەکان سەبارەت بە ماددەی بیرکاری بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە :

- مامەڵەکردن لەگەڵ کردارەکانی بیرکاری پەتی و نواندنکاری وەك ژمارەکان و هێما بیرکارییەکانی تر.
- زانینی چۆنییەتی ئەنجامدانی کردارە ئەژمارییەکان لە ئەژمێرکردن و جەبر و ئەندازە و زانستی پێوان و ئامارکاری.

پێویستە هەوڵبدرێت بەردەوام داهێنان بکرێت لە چۆنییەتی گەیاندنی بابەتە بیرکارییەکان و ئاڕاستەی ئەرێنی قوتابی گەشەی پێ بدرێت و ئاستەکەی بەرز بکرێتەوە . (چوارچێوەی گشتی پرۆگرامەکانی خوێندنی عێراق، 2012: لا 37).

### 2.7 تێڕاییە کەسی و کۆمەڵایەتییەکان

سەبارەت بەو تێڕاییانەی تایبەتن بە کەسایەتی و لایەنی کۆمەڵایەتی قوتابی ئەمانەی خوارەوە فێردەبێت:

- فێری بیرکردنەوەی خێرا و بیرکردنەوەی شیکەرەوە و داڕێژراو دەبێت.
- شارەزای لۆجیکی( بەرهەمهێنانی دەرەنجامی ڕاست) دەبێت.
- توانای ئەوەی دەبێت هەڵسەنگاندن و ئەنجامدانی خۆهەڵسەنگاندن بۆ شارەزایی بیرکردنەوە بکات بە بەراوردکردن بە پێوەرە ڕوونەکان.
- فێری ئەوە دەبێت بیرکاری بەکاربێنێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کارکردن.

(چوارچێوەی گشتی پرۆگرامەکانی خوێندنی عێراق، 2012: لا 36).

### 2.8 بیرکاری بۆ هەمووان پۆلی 11ی زانستی

کتێبی بیرکاری بۆ هەمووانی پۆلی (11)ی زانستی لە حەوت بەش پێك دێت و ژمارەی لاپەڕەکانی 419 لاپەڕەیە. بەشی یەکەم: چەند بابەتێك لەخۆ دەگرێت لەبارەی ئەندازە. بەشی دووەم: بابەتەکانی سستمی لاکێشە و لاسەنگە هێڵییەکان. بەشی سێیەم: باسی ڕیزکراوەکان. بەشی چوارەم نەخشە توانییەکان و لۆگاریتمەکانە. بەشی پێنجەم: سیفەتی نەخشەکان. بەشی شەشەم: یەکبەدوای یەکەکان و زنجیرەکان. بەشی حەوتەم: سێگۆشە زانی .

کتێبی (بیرکاری بۆ هەمووان)ی پۆلی یازدەی زانستی لە قۆناغی ئامادەیی گەورەترین قەبارەی هەیە بەراورد بە کتێبەکانی بیرکاری لە پۆلەکانی تر لەڕووی ژمارەی لاپەڕەکانی و بابەتەکانی. هەفتانە پێنج بەشە وانە دەخوێندرێت و بناغەیەکی زۆر پێویستە بۆ پۆلی 12ی زانستی کە کۆتا پۆلی قۆناغی ئامادەییە. (بیرکاری بۆ هەمووان، 2021).

### 2.9 توێژینەوەکانی پێشوو

توێژەر دوای بەدواداچوونی بۆ کۆمەڵێك لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی پەیوەست بە بابەتی ئەم توێژینەوەیە کە تایبەتە بە زانینی ئاڕاستەی قوتابیانی پۆلی 11ی زانستی ناو شاری هەولێر بۆ ماددەی بیرکاری، بە ئامانجی بەرچاوڕوونی زیاتر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە و ئاگاداربوون لە تەکنیك و هەنگاوەکانی توێژینەوە زانستییەکە هەروەها ئەو ئامرازانەی بەکاردێن بۆ توێژینەوەکە و چۆنییەتی دیزاینکردنیان و سوودبینین لە ئامرازە بەکارهاتووەکان، هەروەها بۆ ئاشنابوون بە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە پێی گەیشتوون لەگەڵ سوودبینین لە پێشنیار و ڕاسپاردەکان و دەرخستنی پێگەی ئەم توێژینەوەیە و بەراورد بە توێژینەوەکانی پێشتر و ئەو خزمەتەی پێشکەشی دەکات لەم قۆناغە. بەشێك لەو توێژینەوانە بریتی بوون لە :

**توێژینەوەی (يوسف، غرداية، 2018)**: بە ناونیشانی ئاڕاستەی قوتابیان بۆ ماددەی بیرکاری (توێژینەوەیەك لەسەر بەشێك لە قوتابیانی ئامادەیی لە شاری وەرفیللە وڵاتی لیبیا). ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ئاڕاستەی قوتابیانی ئامادەیی بوو بۆ ماددەی بیرکاری، پشتی بەستبوو بە ڕاپرسی پێوەری ئاڕاستەی قوتابیان بۆ ماددەی بیرکاری کە پێکهاتبوو لە 23 بڕگە. ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخست کە ئاڕاستەی قوتابیان بۆ ماددەی بیرکاری ئەرێنییە، هەروەها ئەوەی دەرخست کە جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ نییە.

**توێژینەوەی (أبو عقيل وعايش، 2015)**: بە ناونیشانی ئاڕاستەی قوتابیانی ئامادەیی گشتی لە فەلەستین و جەزائیر بۆ ماددەی بیرکاری لە سایەی چەند گۆڕاوێك، ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە لەسەر سامپڵێك کە لە 290 قوتابی پێك دێت و گەیشتۆتە ئەو

ئەنجامەی کە ئاڕاستەی قوتابیان بۆ ماددەی بیرکاری مامناوەندە و جیاوازی لەنێوان قوتابیان هەیە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێر و پسپۆڕی زانستی.

**توێژینەوەی (یحیی، 2011)**: بە ناونیشانی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێربوونی هەرەوەزی لە دەسکەوتی قوتابیانی پۆلی حەوتی بنەڕەتی بۆ ماددەی بیرکاری وئاڕاستەیان بۆ ماددەکە. ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ڕێگای فێربوونی هەرەوەزییە لە دەسکەوتی قوتابیانی پۆلی حەوتی بنەڕەتی بۆ ماددەی بیرکاری وئاڕاستەیان بۆ ماددەکە لە قوتابخانە حکومییەکان لە وەرزی یەکەمی خوێندن بۆ ساڵی (2010-2011)، لە شاری تولکەرەم لە فەلەستین. توێژینەوەکە لەسەر 136 قوتابی ئەنجامدرا لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە پۆلی حەوتی بنەڕەتی و لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە جیاوازی هەیە لە نێوان ئاڕاستەی قوتابیانی ڕەگەزی نێر لەگەڵ قوتابیانی ڕەگەزی مێ لە بەرژەوەندی قوتابیانی ڕەگەزی مێ.

## 3. ڕێکارییەکانی توێژینەوە

### 3.1 میتۆدی توێژینەوەکە

بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێنا لەبەر گونجانی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە. میتۆدی وەسفی یەکێکە لە میتۆدە زانستییە باوەڕپێکراوەکان لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی.

### 3.2 کۆمەڵگای توێژینەوەکە(تاکە بەشداربووەکان)

کۆمەڵگەی توێژینەوە پێك دێت لە هەموو قوتابیانی پۆلی یازدەی زانستی کە تۆمارکراون لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر لە قوتابخانە حکومییەکان بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022) و کۆی گشتی قوتابیان (7386) قوتابی بوو، (2982 ) لە ڕەگەزی نێر و (4404) لە ڕەگەزی مێ هەروەکو لە خشتەی ژمارە (1) خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (1) بەشی پلاندانان - ئامار / بەڕێوەبەرایەتی پەروەدەی گشتی هەولێر، ساڵی خوێندنی (2021-2022).

| ڕەگەز | ژمارەی قوتابخانەکان | ژمارەی قوتابیان |
|---|---|---|
| نێر(کوڕان) | 22 | 2982 |
| مێ(کچان) | 46 | 4404 |
| تێکەڵ | 10 | ....... |
| کۆی گشتی | 64 | 7386 |

### 3.3 نموونەی توێژینەوەکە

ڕێگەی مەبەستدار بەکارهاتووە بۆ دیاریکردنی ژمارەی قوتابیانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کە بریتی بوون لە (56) قوتابی لە ڕەگەزی نێر لە دواناوەندی کوردستانی کوڕان و (45) قوتابی لە ڕەگەزی مێ لە دواناوەندی شۆڕشی زانستی کچان. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو دوو قوتابخانەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی توێژەر نزیك بوون و ژمارەی پێویستی قوتابییان بەردەست بوون و بەڕێوەبەرەکانیان هاوکاربوون و مەبەستیش لێی ئەوە بوو کە ڕەچاوی ئەوە بکرێت لە هەردوو ڕەگەزەکە بن.

خشتەی ژمارە (2)

| ناوی دواناوەندی | ژ. قوتابیان |
|---|---|
| دواناوەندی کوردستانی کوڕان | 56 |
| دواناوەندی شۆڕشی کچان | 45 |
| کۆی گشتی قوتابیان | 101 |

### 3.4 ئامرازی توێژینەوەکە

توێژەر بۆ ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی گرتۆتەبەر، ئامرازی توێژینەوەکەش بریتییە لە ( ئاڕاستەی قوتابیان بۆ ماددەی بیرکاری ):-

1. دیاریكردنی ئامرازەكە: بۆ پێوانەكردنی (ئاڕاستەی قوتابیانی پۆلی 11ی زانستی بۆ ماددەی بیركاری)
2. دوای خوێندنەوە و بەدواداچوونی چڕی توێژەر بۆ ئامادەكردنی پێوەرەكە، توێژەر ڕاپرسی(مقوشي) بە پەسەند زانی كە (الشهراني، 2010) هەروەها توێژەر (موستەفا،2013) بەكاریان هێنابوو.
3. ڕاستی ڕووكەشی توێژینەوەكە: ژمارەی برگەكانی پێوەری (ڕاپرسی) توێژینەوەكەی (الشهراني) بریتییە لە 24 برگە 12 ئەرێنی و 12 نەرێنی دوای پیشاندانی بە شارەزایان و پسپۆڕان.
4. توێژەر هەڵسا بە كۆكردنەوە و ڕێكخستنی هەموو سەرنج و تێبینی و پێشنیارەكانی شارەزایان و پسپۆڕان. دوای ووردبوونەوە و لێكۆڵینەوە ژمارەی برگەكان هەروەكو خۆی مایەوە كە 24 برگەیە تەنها ژمارەی كلیلی بژاردەكان لە پێنجییەوە كرایە سیانەیی.
5. ڕاستكردنەوەی پێوەرەكە و برگەكانی ڕاپرسییەكە: توێژەر دوای لەبەرچاوگرتنی سەرنجی پسپۆڕان بژاردەكانی دیاریكرد و لە نێوان (لەگەڵیم، بێ لایەنم ، لەگەڵی نیم)، كە ڕیزبەندییەكە (3،2،1) بۆ برگە ئەرێنییەكان و هەروەها ((1،2،3) بۆ برگە نەرێنییەكان كە بەرزترین پلە دەبێتە (72) وە نزمترین پلە دەبێـە (24) . ناوەندە ژمێرییەكەشی دەبێتە (48).

### 3.5 جێگیری بۆ پێوەرەكە

توێژەر دوو ڕێگەی بەكارهێنا بۆ دۆزینەوەی جێگیری پێوەرەكە:

1. بۆ وەرگرتنی جێگیری بۆ پێوەرەكە، توێژەر هەڵسا بە وەرگرتنی 48 قوتابی پۆلی (11)ی زانستی لە ئامادەیی كوردستانی ئایندەی ناحكومی بۆ جاری یەكەم ڕاپرسییەكەیان بەسەردا دابەش كرا و وەڵامیان دایەوە و دواتر دوای دوو هەفتە هەمان ڕاپرسی بەسەریاندا دابەشكرایە و وەڵامیان دایەوە، دوای كۆكردنەوەی داتاكان و بەكارهێنانی هاوكۆلكەی پەیوەستی پێرسۆن جێگیرییەكەی بریتی بوو لە (0.76)، ناوەندە ژمێرەیی ئاڕاستەی بەشداربوون لە جاری یەكەم بریتی بوو لە (57.83) و لە جاری دووەم بریتی بوو لە (56.62).
2. بە بەكارهێنانی پێوەری ئەلفاكرۆنباخ (Cronbach's Alpha): پاش بەكارهێنانی هاوكێشەكە و بەسوودوەرگرتن لە پرۆگرامی ئاماری(SPSS)، برگەكان و پەیوەندییان بە خودی پێوەرەكەوە دەركەوت بە پلەی (0.86) كە ئەمەش پلەیەكی بەرزە . (سلیمان، 2020: لا 25).

خشتەی ژمارە (3)

| | ژمارەی قوتابییەكان | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | جێگیری بە ڕێگەی دووبارەكردنەوە | جێگیری ئەلفا كرۆنباخ |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕاپرسی یەكەم | 48 | 57.8333 | 7.82341 | 0.755 | 0.86 |
| ڕاپرسی دووەم | 48 | 56.6250 | 8.93862 | | |

**3.6 وێنەی كۆتایی پێوەرەكە**: لە كۆتا وێنەدا پێوەرەكە ژمارەی برگەكانی 24 برگەیە و دوازدەی ئەرێنی و دوازدەی نەرێنی بە بژاردەی سیانی.

**3.7 هۆكارە ئامارییەكان**: ئەم هۆكارانە لە ئامادەكردنی ئەم توێژینەوەیە بەكارهاتوون بریتین لە هاوكۆلكەی هاوپەیوەستی پێرسۆن، ئەلفا كرونباخ و t-test بۆ یەك سامپڵ و t- test بۆ دوو سامپڵ.

### 4. خستنەڕووی ئەنجامەكان شیكردنەوە و گفتوگۆكرن لە بارەیان

**4.1 گفتوگۆكردن لە بارەی پێشگریمانەی یەكەم**؛ كە ئاڕاستەی قوتابیان بۆ ماددەی بیركاری نەرێنییە.

لە پێناو زانینی ڕاستی گریمانەی یەكەم ئەو داتایانە چارەسەركران كە لە جێبەجێكردنی پێوەری (ئاڕاستەی قوتابیانی پۆلی یازدەی زانستی بۆ وانەی بیركاری) بەدەستهات، بۆیە توێژەر هەڵسا بە دۆزینەوەی ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەراوردكردن بە ناوەندە گریمانەیی، وە دەركەوت ناوەندە ژمێرەیی(56.84)یە، وە لادانی پێوەری (9.33)یە، هەروەكو لە خشتەی ژمارە (4) دیارە، وە لەكاتی بەراوردكردن لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی ئەژمێركراو و ناوەندە گریمانەیی پێوەر كە(48) نمرەیە،وە بە بەكارهێنانی t-test

دەركەوت كە جیاوازی لە نێوان ناوەندە ژمێرییەكان بەڵگەداری ئامارییە، وە لەبەرژەوەندی ناوەندە ژمێرەیی گریمانەییە، چونكە بەهای تائی ئەژمێركراو (9.517)، ئەمەش لەبەهای تائی خشتەیی گەورەترە لە ئاستی (0.001) بە نمرەی سەربەستی (100).

پاش ئەنجامدانی پرۆسە ئامارییەكان بۆ گریمانەی یەكەم دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە ئاڕاستەی قوتابیانی یازدەی زانستی بۆ بابەتی بیركاری بە پلەی باش دێت چونكە ناوەندە ژمێرەیی (56.84) و ناوەندە گریمانەیی (48)ی تێپەڕاندووە و دەكەوێتە ئاستی پلەی باش ئەمەش بە واتای ڕەتكردنەوەی گریمانەی یەكەم دێت. دەتوانین شرۆڤەی ئەم ئەنجامە بكەین بە كۆمەڵێك هۆكار لەوانە:

1. تەمەنی قوتابیانی پۆلی یازدەمی زانستی لە قۆناغی بیركردنەوەی چەمكییە (ئەبستڕاكت) بەپێی قوتابخانەی سایكۆلۆژی مەعریفەگەرایی، واتە بوونی ئامادەیی تەواو بۆ تێگەیشتن لە بابەتە قورس و ئاڵۆزەكانی بیركاری و لەوێشەوە بۆ دروستبوونی ئاڕاستەی ئەرێنی لایان بۆ بابەتی بیركاری.
2. سەركەوتوویی و گونجاوی ئەو ڕێگە و میتۆد و شێوازانەی مامۆستایانی بیركاری لە گوتنەوەی وانەكانی بیركاری پەیڕەوی دەكەن و بەرجەستەبوونی پرۆسەی فێربوون لە وانەكەدا.
3. بوونی ئارەزوو و بەرزەویست (طموح) لای قوتابیان بۆ بەدیهێنانی نمرەی بەرز و دەستكەوتی ئەكادیمی لە پاشەڕۆژدا.

خشتەی ژمارە (4) خشتەی ناوەندەژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ ئاڕاستەی هەردوو گرووپی كوڕان و كچان بە یەكەوە

| | ژ | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | t-test | الدلالة المعنوية |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاڕاستە | **101** | 56.8416 | 9.33674 | 9.517 | 0.001 |

**4.2 گفتوگۆكردن لە بارەی پێش گریمانەی دووەم؛** كە بوونی جیاوازییە لە نێوان قوتابیانی كوڕ و كچ لە پۆلی یازدەی زانستی سەبارەت بە ئاڕاستەیان بۆ بابەتی بیركاری.

لە پێناو زانینی ڕاستی گریمانەی دووەم ئەو داتایانە چارەسەركران كە لە جێبەجێكردنی پێوەری (ئاڕاستەی قوتابیانی پۆلی یازدەی زانستی بۆ بابەتی بیركاری) بەدەستهات،سەبارەت بە جیاوازی نێوان قوتابیانی كوڕ و كچ، دەرچوو كە ناوەندە ژمێرەیی كوڕان (53.18) و لادانی پێوەری (7.24381) و ناوەندە ژمێرەیی كچان (61.4000) و لادانی پێوەری (9.26598). وە بە بەكارهێنانی t-test بۆ دوو سامپلی سەربەخۆ دەركەوت كە بەهای تائی (5.004). هەروەكو لە خشتەی ژمارە (4) دیارە، وەبە بەراوردكردنی لەگەڵ بەهای تائی خشتەیی كە (1.96) و نمرەی سەربەستی(99)، بۆیە دەتوانین بڵێین جیاوازی هەیە لە نێوان قوتابیانی كچ و قوتابیانی كوڕ لە بەرژەوەندی قوتابیانی كچ.

خشتەی ژمارە(5) خشتەی ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ ئاڕاستەی هەردوو گرووپی كوڕان و كچان بە جیا

| | ڕەگەز | ژمارەی قوتابیان | *ناوەندە* ژمێرەیی | لادانی پێوەری | t-test | مستوى الدلالة |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاڕاستە | نێر | 45 | 61.4000 | 7.24381 | 5.004 | 0.001 |
| | مێ | 56 | 53.1786 | 9.26598 | | |

هۆكاری بوونی جیاوازی لە نێوان ئاڕاستەی كوڕان و كچان بۆ ماددەی بیركاری لە بەرژەوەندی كچان لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە كچان كاتێكی زیاتر لەگەڵ ماددەكان بەسەر دەبەن و زیاتر ئارامدەگرن ئەوەش وادەكات دەستكەوتیان باشتر بێت و ئاڕاستەیان ئەرێنیتر بێت لە كوڕان.

**4.3 بەراوردی ئەم توێژینەوەیە بە  توێژینەوەکانی تر**

ئەو توێژینەوەیە بەوە جیادەکرێتەوە لە توێژینەوەکانی پێشوو کە ئاڕاستەی قوتابیان دەپێوێ لە پۆلی 11ی زانستی لە ناو شاری هەولێر و پێشتر بۆ ئەم پۆلە لە قۆناغی ئامادەیی ئەم توێژینەوە ئەنجام نەدراوە. سەبارەت بە جیاوازی تر لەگەڵ توێژینەوە ناوبراوەکان :

- ئەم توێژینەوەیە بەوە جیادەکرێتەوە لە توێژینەوەی یوسف (2018). بەوەی کە لە ئاڕاستەدا بۆ ماددەی بیرکاری جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ نییە، کەچی لەم توێژینەوەیە جیاوازی دەرکەوتووە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ و هەروەها هاوشێوەیە لەگەڵی لەڕووی ئەوەی کە ئاڕاستەی قوتابیان بۆ ماددەی بیرکاری ئەرێنییە.
- ئەم توێژینەوە بەوە جیادەکرێتەوە لە توێژینەوەی یحیی(2011)، ئەو لە شاری تولکەڕەم لە فەلەستین ئەنجامدراوە کەچی ئەم توێژینەوەیە لە پارێزگای هەولێر ئەنجامدراوە. توێژینەوەی یحیی لەسەر پۆلی حەوتی بنەڕەتی ئەنجامدراوە کەچی ئەم توێژینەوە لەسەر قوتابیانی پۆلی 11ی بنەڕەتی ئەنجامدراوە. توێژینەوەی یحیی هاوشێوەیە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە بەوەی کە ئاڕاستەی قوتابیان بە شێوەیەکی گشتی بۆ بیرکرای ئەرێنییە و هەروەها جیاوازی هەیە لە نێوان قوتابیانی هەردوو ڕەگەز لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ.
- ئەم توێژینەوەیە بەوە جیا دەکرێتەوە لە توێژینەوەی أبو عقيل وعايش(2015)، بەوەی کە لەتوێژینەوەکەی ئەوان ئاڕاستەی قوتابیان بۆ ماددەی بیرکاری مامناوەندە کەچی لەم توێژینەوەیە بە تێکڕا باشە هەروەها جیاوازی لەنێوان قوتابیان هەیە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێر و پسپۆڕی زانستی، کەچی لەم توێژینەوەیە جیاوازی هەیە لە بەرژەوەندی رەگەزی مێ .

**4.4  دەرەنجامەکان**

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئاڕاستەی قوتابیان بۆ بابەتی بیرکاری ئەرێنییە بە پلەی باشەیە، واتە ئاڕاستەکە ناگاتە ئاستی زۆرباشە و نایاب. هەروەها گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی کە ئاڕاستەی قوتابیانی کچ لە پۆلی 11ی زانستی زیاترە لە ئاڕاستەی قوتابیانی کوڕ و هەروەها گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی کە پێویستە کار بکرێت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی ئاڕاستەی قوتابیان و لەوە بکۆڵدرێتەوە کە ئایا بۆچی ئاڕاستە ی کچان زیاترە لە ئاڕاستەی کوڕان.

**4.5 پێشنیارەکان**

دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکان و باسکردنی دەرەنجامەکان توێژەر ئەم پێشنیارانە دەخاتەڕوو بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکرێت :

1. کردنەوەی خول بۆ مامۆستایان بۆ ئەوەی ئامانجەکانی فربوونی بیرکاری باشتر بۆ قوتابیان بخەنەڕوو  و چالاکی زیاتر ئەنجام بدەن.
2. لە پشووی هاوینە خول بۆ قوتابیان بکرێتەوە تیایدا بیرکاری خۆشەویستتر بکرێت لای قوتابیان.
3. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئاڕاستەی قوتابیانی پۆلەکانی 10 و 12 لە قۆناغی ئامادەیی بۆ ماددەی بیرکاری.
4. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان ئاڕاستەی قوتابیان بۆ ماددەی بیرکاری لە نێوان قوتابیانی قوتابخانە حکومییەکان و ناحکومییەکان.
5. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئاڕاستەی قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی بەشی وێژەیی بۆ ماددەی بیرکاری.
6. هاندانی مامۆستایان بۆ ئەوەی هەوڵبدەن بابەتی بیرکاری بە شێوەیەکی چێژبەخشتر و کارا و چالاکانەتر پێشکەش بە قوتابیان بکرێت.
7. هەوڵبدرێت زیاتر بابەتەکانی ماددەی بیرکاری بە ژیانی ڕۆژانەی قوتابیان ببەسترێتەوە .
8. پێشبرکێی ماددەی بیرکاری لە نێوان قوتابخانەکان ئەنجام بدرێت کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی ئاڕاستەی ئەرێنی قوتابیان بۆ ماددەی بیرکاری.

**سەرچاوەکان**


1. أبو عقيل، ابراهيم، ابراهيم وعايش، صباح(2015) ، اتجاهات طلبه الثانوية العامة في فلسطين والجزائر نحو مادة الرياضيات في ضوء بعض المتغيرات ، مجله علوم الانسان والمجتمع، العدد 15، 187- 2014.

1. بدندي، إنشراح صالح، شواهين، خير سليمان. (2011): المرجع الشامل المبسط في الرياضيات كيف نحب الرياضيات، إربد، عالم الكتب الحديث.

2. بیرکاری بۆ هەمووان پۆلی یازدەی زانستی، کۆمپانیای هارکۆرد، کۆمپانیای جیۆپرۆجێکتس،2021

3. چوارچێوەی گشتی پرۆگرامەکانی خوێندنی عێراق، لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردەی عێراق و هەرێمی کوردستان. یونسکۆ(2012).

2. الخوالدة، محمد محمود.(2011): أسس بناء المناهج التربوية وتصميم الكتاب الجامعي، عمان: دار المسيرة للنشر والطبع والتوزيع، ط2.

3. ربيع، شحاتة.(2004): قياس الشخصية، القاهرة: دار المعرفة الجامعية.

4. زهران، حامد عبدالسلام. (2003): علم النفس الاجتماعي، القاهرة: عالم الكتب للنشر والتوزيع.

4. السبيعي، معيوف.( 2009):تعليم التفكير في مناهج التربية الاسلامية. عمان: دار اليازوري العلمية.

5. سدیق، فوئاد(2015). دەروونزانی پەروەردەیی، هەولێر.

6. سليمان، شوبو شمس الدين (2021). محاضرات فى القياس والتقويم لطلبه الماجستير، جامعة صلاح الدين، أربيل.

7. سیستمی خوێندنگە ئامادەییەکان، دەروازەی دوو ، وەرگرتنی خوێندکاران، بەندی 14، هەولێر 2009.

5. شواهين، خير. (2011): تعليم الرياضيات باستخدام الوسائل التعليمية، إربد، عالم الكتب الحديث.

6. عسكر، علي ، الأنصاري، محمد. (2004): علم النفس البيئي البعد النفسي للعلاقة بين البيئة والسلوك، القاهرة: دار الكتاب الحديث.

7. الفتلاوي، سهيلة. (2006): المنهاج التعليمي والتدريس الفاعل. عمان: دار الشروق للنشر والتوزيع، الاصدار الاول، الطبعة العربية الاولى.

8. کۆمپانیای هارکۆرت(2009): بیرکاری بۆ هەمووان بۆ پۆلی یازدەمی زانستی ، جیۆپرۆجێکتس، لوبنان بەیروت.

9. المالكي، عبدالله بن مسفر بن حسن(1422هـ). اثر استخدام التعلم التعاوني في تدريس الرياضيات على تحصيل طلاب الصف الثاني المتوسط في الرياضيات واتجاهاتهم نحوها بمدينه جدة. رسالة ماجستير ، كلية التربية جامعة ام القرى، مكه المكرمة.

8. الهويدي، زيد. (2010): أساليب واستراتيجيات تدريس الرياضيات، العين، الإمارات العربية، دار الكتاب الجامعي، ط2.

10. يوسف، زينب.(2018)اتجاهات التلاميذ نحو ماده الرياضيات(دراسه على عينه من تلاميذ التعليم الثانوي) . مجله الباحث في العلوم الانسانيه والاجتماعيه.العدد33، مارس2018

**اتجاهات طلاب المرحلة الحادية عشرة نحو مادة الرياضيات / مركز مدينة اربيل**

**ابوبكر قادر مصطفى**
المديرية العامة لتربية اربيل
mabubakir72@gmail.com

**رهبر مسعود عبدالخالق**
المديرية العامة لتربية اربيل
Rahbarmasud8@gmail.com

**ملخص**

هدفت هذه الدراسة إلى معرفة الاتجاهات نحو مادة الرياضيات لدى طلاب وطالبات الصف الحادي عشر العلمي(في أقليم كوردستان- العراق)، في المدارس الحكومية من خلال / مديرية التربية والتعليم في مدينة أربيل في الفصل الدراسي الثاني للعام الدراسي(2021-2022)، كما هدفت الى تسليط الضوء على الفرق بين الجنسين فيما يتعلق باتجاهاتهم نحو مادة الرياضيات.

تكون مجتمع الدراسة من جميع تلاميذ المرحلة الحادية عشر العلمي في المدارس التابعة لمديرية التربية في مدينة أربيل، وتم استخدام المنهج الوصفي. وتمّ تطبيق الدراسة على عينة الدراسة، والذين بلغ عددهم (101) طالبا وطالبة في الصف الحادي عشر العلمي موزعين على الجنسين وقد بلغ عددهم (56) طالبا (45) طالبة. وبعد تحليل البيانات أظهرت التحليلات الإحصائية النتائج الآتية:

1. اتجاهات الطلاب في الصف الحادي عشر العلمي بشكل عام ايجابي وفي المستوى الجيد.
2. هناك فرق بين الإناث والذكور في الصف الحادي عشر العلمي حول اتجاهاتهم نحو مادة الرياضيات لصالح الإناث.

**الكلمات المفتاحية :** الاتجاه ، الرياضيات ، الصف الحادي عشر العلمي.

**Attitude of scientific eleventh grade students towards mathematics/ Central Education Directorate in Erbil**

**Abubakir Qadir Mustafa**
Educational Trainer in Preparation and Training
.Directorate/ General Directorate of Education in Erbil
mabubakir72@gmail.com

**Rahbar Masud Abdulkhaleq**
Educational Trainer in Preparation and Training
.Directorate/ General Directorate of Education in Erbil
Rahbarmasud8@gmail.com

**Abstract**

The researcher conducted a research to know the (attitudes of 11 Grade Students towards mathematics subject in Public Schools in the Central Education Directorate for second semester of the academic year 2021-2022), as well as to know their differences according to gender variable (male and female) towards mathematics subject. The participants included all 11 Grade students in the Erbil City; the researcher has used the descriptive method in this research. After preparation a tool for collecting data, the researcher applied on (101) sample, the number of male is (56) and female (45). After analysis and data collection by the researcher, he has reached this result: the attitudes of 11 Grade students towards mathematics subject are recorded as good level; there were statistical significant differences between both genders in favor of females concerning their attitudes towards mathematics subject.

**Keywords:** Mathematic, scientific eleventh grade, Attitude.